# خەونە چیرۆكان

هۆشیاری عەبدولعەزیز
hoshyarebdelaziz@yahoo.com



## شەوەكە

دوای ئـەوەی پێكـێ عـارەقی فرکـرد..دەسـتێكی بەسـەر وسـیمایدا هێنـاو زۆر خێـرا دەسـتی داگرتـەوە سلیفۆنی سەر پاكەتەكەی هەڵیچڕاندو جگەرەیەكی پێكرد.پاش مژڵێدانێكی قووڵ.بە ترس وشەرمەوەو زۆر بە ئەسپایی وبە سەر مێزەكەدا دەست وپەنجەی ئەوی لە نێو لەپیدا ونكردو خـپ بوون،عەیامێكە دەمەوێ سەرچۆپی شەوە شایلۆغانێكی ئاوا بگرم.بۆ ئەمە شایلۆغانە...؟ئەرێ.شایلۆغانی نوێژی عیـشقە لە میحرابی جوانیتدا..!هەوڵیدا توندتر سەرە قامكی ئـەو لـە نێـو دەست وپەنجەی خۆیدا گرێداو لێوەكانیشی بە تەڕوتوشی عەرەق وتاڵی جگەرەو شەوێكی ئاواوە لە سەر لێوانی ئەو لەنگەریدا. دەستی بەسەرو پرچی ئەودا هێنایە خوارەوە لە سەر گۆلێوی گیرکرد.تەنها ماچێك.پێڵۆی چاوەكانت لەیەك نێ وشـینایی گلێنـەكانت بـشارەوە تـا بـە ئەسـپایی وبـە بـێ نوچـدان لـە بـەردەم خـەونی تاساووعیـشقی خنكاوماندا بـۆ تاوێـك بـە تـەڕی عـەرەق وچۆڕاوی سـەر لێوانمـان چـەنەكەو گـەردنمان بـە ئـاوەنگی خۆشەویستی تەڕكەین ودواجار لە مەنزڵی شەودا بۆن لە جەستەو ماچ وخەون بكەم....دوا پێكی تەواو نەكرد لە دەنگی دەمەقاڵەی نێوبارەكە راچەڵەكی وبە دوو وشـە كۆتـایی بـەو چـەند چركەسـاتە هێنـاو پەرداخی پێكەكەی دانایەوە.ئاه..چ شەوێكی سەیرە.

## كورسییەكە

چـاوێكی گێڕایـە بـەر دەسـتی خـۆی.جگـە لـە سـلیفۆنی سـەر پاكەتـەكـەی كـە هەڵیپـچڕی بـوو چـیدی نەدیی.كەمێك راما.جگەرەیەكی داگیرساندو زۆر بەلەسانە بە دوومژ گەیاندییە فلتەرو گەرمی گەیاندە پەنجەكانی.گەر ئەم كورسییە شوومە نەبێ من چم داوە لەم سەرئێشەیە.ئاخر ئێرە چییەو چی بە من دەبەخشێ.

## رۆژنامە

دوو چـركە جارێـك دەسـتی دەدایـە لاپـەڕەی رۆژنامەكـەو تەماشـایەكی سـەردێڕەكانی دەكـرد. دەستەچەورەكان. سەردانەكەی...ماڵتان لە شووشـەیە بـەرد...پۆلە پێشمەرگەكەی...دایدەنایەوە،ئـەرێ خۆ هەرچی دەكەی هـەر ئەمەیـە. ئـاه چ بێكەڵكە.لاپەڕەیـەك نییـە بـۆنی ئیـشق وئـاوێزانی جەسـتەی لێبێت،چ رۆژنامەیەكی شوومە لە دیدەمدا رەنگی گرتووەو ناخم دەخوا.

## وەرز

هەرچی وەرزەکانی ساڵە بوو بوونە ڕۆژە ڕەشی ونەگبەتی.زۆرجار وای بەخەیاڵدا دەهات کە هەناسەتەنگی وشپرزەیی وەرزەکان لە نێو گەرووی تەنگەبەری ساڵدا لە یەك گیراون وبە تابلۆی دیواری حەوشەکانەوە هەڵواسراون.هەرچی شەویشە تارماییەکانی جەستەی ئەمیان هەڵدەپێچاو تاڵتاڵی پرچی عیشقیان هەڵدەکروزاند.وەرزێکی تاڵە خەون رامانێکی ئیفلیجەو شەقامەکانی رۆح دەکروژێ وسازشی تاریکی لە باوەش دەگرێ.

## سپێدە

هەرچی بیری لێدەکردەوە ئەو ئێستا لە رابردوو ناچێ وگۆڕاوە.رابردوشی لە خودی ئەم ناچێ. دنیایەکی سەیرە.هەرچۆنی دەهێناودەبرد بۆخۆی مەخسەرە بوو،لە نێو تارمایی چڕەدوکەڵی قەیرە شەوێکی زستاندا بۆنی مۆمە بەفری سوتامی هەڵدەمژی وخۆش خۆشیش ئێسك وپروسکی کەڵەکەبانەکانی رابردووی دەسوتاند.کە سەری هەڵبڕی تیشکی گزنگی سپێدەیەکی جوانی نەخشاندبوو.

## شێت

بە گوێدانە قسەی ئامادەبوان وئەوانەی باسی کێشە گرنگەکانیان دەکرد.دۆش دامابووە سەر دەفتەرەکەی بەردەمیداو پەیتا پەیتا شتی دەنووسی.لە بەردەم ماڵی ئێوەدا لە پەنا دار سێوەکە.هیوادار بووم وهیچی تر.ئەم چەند وشەیەی هەڵبزرکاند.خۆی بۆ خۆی پێدەکەنی،ئەرێ من شێت بوو.ئێی چییە ئەم قسە ئاجەڵ وباجەڵەم نووسی.

## هۆڵ

دەوراو پشتی جمەی دەهات لە نێرو مێ،ئەویش تاوێك خۆیی گێل دەکردو،جارجارەش گویی بۆ ژاوەژاووی وتاربێژەکان سل دەکردو دەیویست تێبگات.مت بوو بۆخۆی نەیدەزانی بەکوێدا رۆیشت وچی لێ بەسەر هات.لە پڕ دەنگی مەیکریفۆنەکە ئەم و جەستەی هۆڵەکەی هەژاندو زۆر بە کپی گەڕایەوە نێو دەنگە دەنگ وزەڵەزەڵەکە.

## ئافرەتەکە

ئەوەی کەمێك لە پێشەوە دانیشتبوو جارجار رووی وەردەگێڕاو بە لاچاوێك تەماشایەکی ئەمی دەکرد،لە پشوویەکی زۆر کەمدا سەری نایلۆنی سلیفۆنی پاکەتەکەی بەپەنجە دەستی راستی گرت

وهەڵپچڕی‌نجگەرەیەکی داگیرساند،خۆش خۆش مژی لێدەدا:ئەی کە چاوەکانی جوانن،هێمای جوانیەکی بێوێنەیە.بە مژێکی تر جگەرەکەی تلیقاندەوە.

## پێك

ئەو رۆژە هەموو جەستەی داگیرسابوو،جارێك بەم لاداو جارێك بەو لادا خۆیی دەگەوزاند،ئەو نەعلەتییە دەستێکی تێوە ژەند،ئەوە چیتە بۆ وات لە خۆت کردووە پیاو ناتوانێ تەماشات کات؟هێندە بێتاقەت وبێ حەوسەڵەی وەك کابرای مارکوژت لێهاتووە.کەمێك بێدەنگ بوو.بەپرتەو بۆڵەیەکەوە دەتوخوا وازم لێبێنە بیری دوێنێ شەوت چوو کە یەکڕا یەکڕا پێکمان فڕدەکرد.

## نیگای ئەو

لە بەرامبەر ئاوێنە تازە دانراوەکە سەرومڕ لە خۆیی روانی.شتێکی سەیرە خەندەیەکی ئاڵ لە چاوەکانیدا بەدی دەکراو پاشماوەی خەمێکی خۆڵەمێشیش تێکەڵ بە فرمێسکەکانی رێچکەی بەستبوو.هەر کاتێك لە خۆی دەڕوانی درکی پێ نەدەکرد ئەوە نەبێ جارجارێك بە شێوە تارماییەك گلێنکەی چاوەکانی لێڵ دەبوون وبیری لێدەکردەوە.دەبێ نیگای ئەو چۆن لە چاوەکانمدا چێ کرابێ؟نیگایەك کە ئاراستەی بینینی گۆڕیووم ووەك گەشتیارێکی ناحاڵی بە نێو کوچەو کۆڵانی حەزەکانی ئەودا گوزەر دەکەم.سربوونی قاچەکانی رایچەڵەکاند،هەر دە سەرپەنجەی بە سەرو سیمایدا هێناو پاشاوپاش گەڕایەوە،پیاسەیەکی بێکۆتایی وگوزەرێکی بێبنەو هەرگیز لە نیگامدا ناسڕێنەوە بەدەم باوێشك دان وپرچ هەڵکڕاندنەوە بەسەر جێگاکەیدا راکشاو لە گەل چرکە چرکی کاتژمێرەکەدا خەون لە چاوەکانی چنگالگیربوون وخە

## ڕژان

کورسییەکی مەیلەو شینی لە لای چەپەوە هەلگرتوو ختییە تەنیشتی.ویستی شتێك بڵێ . بەلام کە بەولادا خۆی وەرچەرخاند. پێکە شەرابەکەی لە دەست کەوت ورژا.

## پالأوتە

هەر کەسەو لە لای خۆیەوە کەسێکی دەپالأوت.هۆڵەکە پڕبوو لە پالأوتە.ئەمیش لە بنی چاوەوە تەماشایەکی دەستەی بڕیار دەرەکەی کردو هەندێ وشەی لە دەم پەڕی وسەری داخستەوە.